

لە مامۆستا تێکۆشەرەکانی کوردستان

مامۆستاو هونەرمەندو نووسەر زاهیر محەمەد کۆیی

ئامادەکردنی: مەغدید حاجی

* مامۆستاو هونەرمەندو پەرلەمانتاری خانەنشین زاهیر محەمەد کۆیی ، تەمەنێکی زۆری لە بوارەکانی پەروەردەو هونەرو نووسین و کوردایەتی بردۆتەسەر.

ـ لە ساڵی١٩٣٩ لە شاری کۆیە لەدایک بووە.

ـ لە ساڵی١٩٥٦ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە قوتابخانەی ئولای کۆیە تەواوکردووە.

ـ لە ساڵی١٩٥٩ قۆناغی ناوەندی هەر لە کۆیە تەواوکردووە.

ـ لە ساڵی١٩٦٢ بەشی مۆسیقای ڕۆژئاوایی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا تەواوکردووە.

ـ لە ساڵی خوێندنی(١٩٦٣-١٩٦٢) لە شاری کوت لە باشووری عیراق بە مامۆستا دامەزراوە، لە قوتابخانەی عەبدولکەریم قاسم دەستبەکاربووە. بەڵام لە هەمان ڕۆژی دەستبەکاربوونی تەنسیبکراوە بۆ چالاکی قوتابخانەکان بۆ گوتنەوەی وانەی هونەر بە تایبەتی سروودو مۆسیقا لە گشت قوتابخانەکانی شاری کوت. ئێورانیش ڕاهێنانی مۆسیقای بە کۆمەڵێک قوتابی لەسەر ئامێرە جۆربەجۆرەکانی مۆسیقا ئەنجامداوە.

ـ لە ناوەڕاستی شەستەکان گەڕێنراوەتەوە بۆ شاری کۆیە و دوا قوتابخانەی لە کۆیە (زانستی کوڕان)بوو. دواتر گوازراوەتەوە بۆ ناوشاری هەولێر و لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری١٩٩١ و هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان، مامۆستا زاهیر بۆتە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لێژنەی پەروەردەی پەرلەمان بوو.

* کورتەیەک لە خەباتی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیری:

ـ مامۆستا زاهیر لە سەرەتادا هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بووە، لە ساڵی١٩٦١ یەکەم نووسینی لە ڕۆژنامەی ئازادی بڵاوکردۆتەوە.

ـ دواتر مامۆستا بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆتە ئەندام ناوچەی پارتی لە کۆیە.

ـ مامۆستا ئەندامی نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بوو لە ساڵی١٩٩٢ لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ـ لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لە کۆیە لەگەڵ دەستەیەک هونەرمەند تیپی مۆسیقای (باواجی)یان دامەزراندووە.

ـ زیاتر لە ١٥٠ ئاوازی جۆراوجۆری داناوە کە هەندێکیان تۆمارو بڵاوکراونەتەوە و زۆربەشیان لە دووتوێی پەراودا نووسراونەتەوە.

* بەرهەمە چاپکراوەکانی:

ـ ڕەنگاوڕەنگ،سروودو مۆسیقا،بە یارمەتی نەقابەی مامۆستایان چاپکراوە،١٩٧٠.

ـ ڕاستییەک دەربارەی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە،چاپی یەکەم ،هەولێر١٩٧٥ .

ـ هونەری ڕەوانبێژی،لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر٢٠٠٦ .

ـ ئاشنا ئەو شاعیرەی خۆی و شیعرەکانی تیرۆر کران ،نووسین و کۆکردنەوە ،هەولێر٢٠٠٧ .

ـ کۆمەڵێک بابەتی بە پێز پێویستە هەموو ڕۆشنبیران بیزانن،وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، و. ڕۆشنبیری،٢٠٠٨ .

ـ بنەماکانی فێربوونی مۆسیقا ، وەرگێڕان،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٩ .

* مامۆستا زاهیر دووجار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، یەکەمین هاوژینی لە ساڵی١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە.دووەمجار لە ساڵی١٩٦٨ ژنی هێناوەتەوە ،سێ کوڕیان هەیە هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژیان بۆ دەخوازین.

هیوای بەرهەمی زیاتر و تەمەن درێژی بۆ مامۆستای هونەرمەند دەخوازین.

سەرچاوە:

ـ عەبدولرەحمان مەعروف،ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر،بەرگی دووەم،ل٩٥٩.

ـ ئەرشیفی تایبەتی خۆم. مەغدید حاجی